# بەیاننامەی کۆتایی یەکەمین کۆنگرەی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK

ئەمرۆکە رۆژهەلاتی ناوەراست وەکوو یەکێك لە ناوچە گرنگەکانی جیهان، لەبواری مێژوویی، سیاسی و کولتورییەوەخاوەن گەلێك کێشەوقەیرانەو رووبەرووی وەرچەرخانی مێژوویی بۆتەوە. ناکۆکی سیستەمەکان، بەرزبوونەوەی ئاستی تێگەیشتنی کۆمەلایەتی وسیاسی و دیموکراتیك و هەروەها چارەسەرنەکردنی کێشەکان لەلایەن سیستەمەکانەوە بۆتە هۆی دروست بوونی تەنگژەو بن بەست. ئەمەش وەهای کردووە کە گەلانی ناوچەکە لە بەر ئایندەی گەشەسەندن و پێشکەوتندا رووبەرووی زۆر کێشە ببنەوە. چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانە لە لایەن دینامیکی ناوخۆی سیستەم و کۆمەلەلگاکانەوە، رێگای لە پێش دەستێوەردانی دەرەکی کردەوە. دەستێوەردانی ئەمریکا لە ئێراق وەکوو کەتالیزۆرێك، پێویستی چارەسەرکردنی ئەم کێشانەی بەرجەستەتر کردەوە و ڕەوتی گۆرانکارییەکانی خێراتر کردەوە. هەلومەرجی ئێستا بۆتە هۆی ئەوەی کەڕیزبەندی و بەرەگیری نێوان هێزەکان ئاشکراتر دەرکەوێتە ڕوو. لە لایەکەوە ڕژێمەکانی ناوچەکە لەبەرامبەر گۆڕینی ڕەوشی هەنووکەیی و تێپەڕکردنی سیستەمی ئایین سالار و دەولەت سالار، کە کۆسپ و تەگەرە دەنێنەوە و لە لایەکی دیکەشەوە سەرمایەی جیهانی بۆ بەرەو پێش بردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و ئامادەکردنی زەمینە بۆ گەڕی ئازادانەی سەرمایە، هەولی تێپەراندنی ئەو سیستەمانە و کۆسپ نانەوەکانیان دەدات. لەم نێوەندەدا گەلانی رۆژهەلاتی ناڤین وەك خاوەنی سەرەکی ئەم هەرێمە، دەخوازن لەو دەرفەتە ڕەخساوە کەلك وەر بگرن و بە بە کارهێنانی هێزی دیموکرات و وگەوهەری خۆیان هەولی ڕزگاری لە ڕەهاخوازی سەردەست لەناوچەکەدا دەدەن. ئێران یەکێك لەو ولاتانەیە کە بە گوێرەی پێشینەی مێژوویی و شارستانییەتی خۆیەوە دەتوانێ رۆلێکی هەلسووڕاوتر لە ڕەتی گۆرانکارییەکاندا بگێڕێت، بەلام سیستەمی باوی دین سالاری سەردەست لەم ولاتەدا، دەستووری گۆرانکارییەکی لەم چەشنە نادات . لە لایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی جەماوەری لە ئێران و رۆژهەلاتی کوردستاندا بە هۆی نەبونی رێبازێکی فیکری و هزری نوژەن وکەم و کورتی رێکخستنی وپێشەنگایەتی لەچارەسەرکردنی کێشەی کورددا، نەیانتوانیوە ببنە ئەلتەرناتیڤێك بۆ سیستەم و نەبونەتە وەلام بۆ گەل و کۆمەلگا. بزوتنەوەی خۆڕسکی کە خاوەن ئاستێکی تێگەیشتنی دیموکراتیکە، ناکۆ-کییەکانی نێوان کۆمەلگا و سیستەمی ئێران بەرجەستەتر کردۆتەوە و تێپەرکردنی ئەو رژێمەی وەك راستیەکی حاشاهەلنەگر دەرخستۆتە مەیدان . بە تێکشکانی بزوتنەوەی چاکخوازی (ڕیفۆرم خوازی) لە تەوژمە سیاسیەکاندا، پاوانخوازی موحافیزەکارەکان زیاتر بووە و ئەمەش بۆتە هۆی قوولْ بوونەوەی کێشەکانی کۆمەلگا. لە هەلومەرجێکی وەها دا، دروست کردنی بزاڤێکی رێکخراو کە خاوەن رێبازێکی سیاسی-هزری نوێ بێت، راستیەکی حاشاهەلنەگرە. پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK کە چارەسەرکردنی کێشە ئەتنیکی ، کولتوری کولتوری و سیاسیەکانی لە چوارچێوەی پروگرامێکی رێکخراو و دیموکراتیکدا کردۆتە ئامانجی خوی . بە دروست کردنی یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە پێناو دیموکراتیزە کردنی رژێمی ئێران و ئاوا کردنی سیستەمێکی سێکۆلار، بە لەبەر چاو گرتنی داخوازیەکانی گەلانی ئیران لە سەر بنەمای یەکێتی ئازاد و دیموکراتیك و سیستەمێکی فیدرالْ، هەنگاوێکی گرنگی لەبەر ئایندەی تێکۆشەرانی خۆیا هەلگرتوە. لەم پێناوەدا لە نێوان رۆژەکانی ٢٥ مارسی ٢٠٠٤ تا ٢ی ئاوریلی ٢٠٠٤ بە بەشدار بونی ١٥٥ ئەندام لە ناوەندە جیا جیاکانی تێکۆشانەوە، یەکەم کۆنگرەی خۆی لە چیا سەرکەشەکانی کوردستاندا دەست پێکرد و سەرکەوتوانە کۆتایی پێ هێنا. PJAK لەسەر بنەمای رێبازی شارستانی دیموکراتیك کە ناسنامەی چاخی نوێیە، لە پێناوی چارەسەر کردنی کێشەکانی ئیران و لەسەر رووی هەموشیانەوە کێشەی کورد کە بۆتە گرێ کوێرە، لە تێکۆشانی دیموکراتیکی خۆیدا کەوتە قۆناخێکی نوێوە. لەم کۆنگرەدا سەبارەت بە کێشەو روداوەکانی ناوچە، ئیران و کوردستان باس وگفتو گۆ کرا ،هەروەهاکێشە رێکخستنی و سیاسییەکانی ئەم قۆناخە کەوتە بەرباس و لێکۆلینەوە وبە شێوازێکی دیموکراتیك و بەلەبەرچاوگرتنی ڕا جیاوازەکان، ڕێبازی سیاسی،تێکۆشانی و رێکخستنی دیاری کردووە و بە ڕەخنەگرتن لە مۆدێلی رێکخستنی ناوەندگەرا، مۆدێلێکی نوێی دروست کردووە کە توانایی لە خۆوەگرتنی سەرجەم توێژەکانی کۆمەلگای هەبێت و دەرفەتی بەشداربوونی هەموو لایەنێ بڕەخسینی لە قۆناخێکدا کە دەولەتە نەتەوەیی و ئایینیەکان هێزی بەڕێوەبردنی کۆمەلگا- یان لە دەست داوە PJAK لەو باوەڕەدایە کە یەکێتی ئازاد و یەکسانی گەلان لە سیستەمێکی فیدرال-دیموکراتیك و نوژەن دا مەیسەر دەبێت و چارەسەری کێشە ئەتنیکی، سیاسی و کولتورییەکانی گەلانی ئێران بە تێپەڕکردن ئەو رژێمەی لە لە ئارادایە بە گەیشتن بە سیستەمێکی دیموکراتیك- ئیکۆلۆژیك پێك دێت. PJAK بۆ

www.kurdistannet.org

گەیشتن بەم ئامانجە، تێکۆشان لە بەرامبەر رژێمی ئایین سالار و گەیشتن بە سیستەمێکی لائیك و دیموکراتیك بە پێویست دەزانێ. گەلی تێکۆشەری کورد و هێزە دیموکراتیکەکان لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ناکۆکیە ئاشکرایەی کە لە نێوان ئیرادەی گەل لە لایەك و رژێمی ئایین سالاری ئێران لە لایەکی ترەوە لە ئارادایە، لە سەر بنەمای مافی بەشداربوونی ئازادانەی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا ، ئاکتیف بوونی دینامیکیەتی ناوخۆی ئەم وڵاتە پێویستیەکە و مەرجی پێویست بۆ ئاوا کردنی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیك – ئیکۆلۆژیك و سیستەمێکی فیدرال دا. لەم ڕووەوە هێزە ڤشنبیرەکان و لایەنگرانی دیمۆکراسی ، ئەرکێکی سەرەکییان لە پێناو پێشخستنی زانیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری و ژینگەیی کۆمەڵگا دەکەوێتە ئەستۆ. توێژە دینامیکیەکانی کۆمەلگا بە تایبەت ژنان لاوان لە پێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆیاندا بۆدیموکراتیزەبوونی ڕژێمی ئێران تێکۆشانەدا جێ دەگرن و بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆیان بەجێ دەگە یەنن. PJAKلە پێناو ئامانجە دیموکراتییەکان و ئاواکردنی سیستەمێکی فیدرال، بەشداربوونی ئازادانە و هەڵسووڕاوی سەرجەم هێزە گۆرانخوازەکان و گەلانی کۆمەڵگای ئێران پێویستە کە ئەمەش پێکهاتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی و دروست کردنی رێکخراوەی ژنان، لاوان، کرێکاران و ئەسناف دەکاتە پێویستییەکی دەست بەرلێنەدراو. پێکهێنانی بەرەیەکی دیموکرات پێکهاتوو لە هێزە سیاسییەکان و توێژە کۆمەلایەتییەکان و تێکۆشان لە بەرامبەر هەر چەشنە گوشارێکی سیاسی لە سەر گروپە ئایینی، قەومی و کولتوریەکان ، لە ڕیزی ئەو هەنگاوە دیموکراتیانەن کە لە پێناو دیموکراتیزەکردنی رژێمی ئێراندا هەڵدەگیرێن.ئاشکرایە کە رژێمی ئێستاکە بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە لە بەرامبەرداخوازییە دیموکراتیکەکانی گەلی کورد و هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی دیکەدا خۆراگری دەکات. بەڵام لە پێناو پێکهاتنی دیموکراسی و دابین کردنیمافی مرۆڤ بە پشت بەستن بە مافی پاراستنی ڕەوا لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە دیموکراتیکەکانماندا، تێکۆشانی ئازادی خۆمان درێژە پێدەدەین. PJAK لەم پێناوەدا بانگ لە گەلی کورد و پارت و هێزە دیموکراسی خوازەکان ، لە سەرجەم بوارە سیاسی، کولتوری، ژینگەییەکان دەکات کە تێکۆشان و رێکخستنی خۆیان لە سەر بنەمای مافی بەرگری ڕەوا وەکوو تایبەتمەندییەکی وەرچەرخانی دیموکراتیك گەشە پێبدەن، هەروەها لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی کورد، بانگەوازی پارت و هێزە کوردییەکان بۆ تێکوشانی هاوبەش دەکات.

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

**بژی یەکێتی ئازاد و دیموکراتیکی گەلان !**

**بژی ئێرانێکی فیدرال دیموکراتیك و کوردستانێکی ئازاد !**

**بژی PJAK**

**بژی سەرۆك ئاپۆ!!**

## پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK

## ١٩ئاوریلی ٢٠٠٤